# پەنجاوپێنج

## حەسەن جاف

ئەمریکا لیستێکی داناوە گوایا پەنجاوپێنج کەس تاوانبارن‌و دەبێ بەدوایاندا بگەڕێن‌و بگیرێن‌و بدرێنە دادگا وەك بڵێیت تەنها ئەو پەنجاپێنج کەسە تاوانبارین لەعیراقداو ئەوانی دیکە هەر هەموو فریشتەو بێگوناەو بێ تاوانن.

ئەم قسەو لیستە بەهەربارێکدا لێکی بدەینەوەو هەر بروبیانوو پاساوێکی بۆ بهێنیتەوە ئەنجامەکەی هەرئەوە دەردەچێ کەئەمریکا بەتەنگ ئێش‌و ئازارەکانی ئەم میللەتەوە نیەو لەبەرخاتری میللەتو بۆ ( (ئازاد!!) ) کردنی عیراق لەم حزبە دڕندەیەی سی‌و پێنج ساڵە ئاگرو ئاسنی تواوە دەکا بەهەناوی میللەتدا، نەهاتوەو ئەم وڵاتەی داگیرنەکردوە، ئەگەر نەڵێم هەر گاڵتەشی بەوئێش‌و ئازارە دێ.

سی‌و پێنج ساڵە خەڵکی عیراق دەکوژێ‌و سەرنگوم دەکرێ. . دەیان هەزارکەس بەئاشکرا لەزیندانەکانی رژێمداو بەتۆمەتی جیاجیاو هەڵبەستراو لەسێدارە دەدران. . هەندێکیان تەرمەکانیان دەدرایەوە بەکەس‌وکاریان، هەندێکی دیکەیان بەتایبەتی کوردو جاروباریش شیعە بەدوو مەرج تەرمەکانیان دەدرانەوە دەس کەس‌وکاری کوژراوەکان، یەکەمیان دەبێ پارەی ئەو فیشەکانە بدەن کەرۆڵەکانیانی پێ کوژراوە، دووەمیان نابێ پرسەیان بۆ دابنێن.

ئەوانەی ئەوەیان دەکرد لەو پەنجاوپێنج کەسە نەبوون. . !!

دەیان هەزاری دیکەش بەدزیەوەو لەسەرجادە یان لەکۆڵان‌و بازاڕو ناوماڵیان دەفرێنران‌و چیتر کەس نەیدەبینینەوەو کەسیش نەیدەزانی چییان بەسەرهاتو چارەنوسیان چی بوو کەس‌وکاریشیان نەیاندەوێرا سۆراخیشیان بکەن.

ئەوانەی ئەمەیان دەکرد لەو پەنجاوپێنج کەسە نەبوون. . !!

لەزیندانەکانی بەعسدا ئافرەت ئەتك دەکراو زگی پڕ دەکرا، بوتڵ دەبردرایە رۆڵە بەشەرەف‌و ئازاکانی ئەم میللەتە، قاچو دەستی تێکۆشەران وەك خەیار لەلەشیان جیادەکرایەوە، یان لەتوپەت دەکران‌و دەکران بە ( (قیمە) ) و فرێ دەدرانە ناو حەوزی ماسیی کۆشکە زۆرو زەوەندەکانی سەرۆکی رژێم‌و کوڕەکانی... جاروباریش رۆڵە نەبەزەکانی ئەم ووڵاتە دەرخواردی سەگ یان شێر یان پڵنگ دەدران‌و سەرانی رژێمیش تەماشایان دەکردو قاقا پێدەکەنین... زۆرجاریش لەحەوزی پڕ ئەسیددا دەتوێنرایەوە. .

ئەوەشی ئەمانەی دەکرد لەو پەنجاوپێنج کەسە نەبوون. . !!

ئەم کوردستانە کیمیاباران کراو چوارهەزارو پێنج سەد گوندو دەیان شارۆچکەش وێران کران‌و لەگەڵ زەویدا تەخت کران‌و خەڵکەکەی ئەنفال کران‌و ئەوەی لەئەنفال‌و کیمیاباران مایەوە لە (مجمع) ی زۆرە ملێ، بی ئیش‌وکارو کاسبی‌و تەنانەت بێ نان‌و ئاوو هەندێ جار لەسەر زەویی رەق‌وتەق فڕێ دەدران. .

ئەوانەی ئەمەیان کرد لەو پەنجاوپێنج کەسە نەبوون. . !!

ئەو ئەفسەرو سەربازانەی ئاگریان دەکرد بەگەرووی دانیشتوانی عیراق‌و کوردستانداو بەتازەترین‌و دڕەندەترین شێوازی ئازارو ئەشکەنجە خەڵکیان ئازار دەداو وایان لێدەکردن کەتکایان لێ بکەن بیانکوژن بۆئەوەی لەئازارو ئەشکەنجە رزگاریان بێ.

ئەی مەسئوول ئەمن ئەلمەنتیقەو رەفیق حیزبی‌و موخابەراتو ئیستیخباراتو زابت ئەمن ئەلدائیرەو موختارو ئەمن خاص‌و جاسوسە خۆبەخشەکان لەعەرەب‌و تورکمان‌و کوردە حەیاتەکەی خۆشمان. . ئەمە جگە لەدەیان فەوجی جاش. .

هەموو ئەمانەی ئەم ئیشانەیان دەکرد لەو پەنجاو پێنج کەسە نەبوون. . !!

ئەوانەی بەدوای خەڵکەوە بوون‌و راپێچیان دەکردن بۆ حەیش شەعبی‌و جەیشی قودس‌و فیدائی سەدام‌و تەلایعو فوتوە...

یان ئەوانەی سەرجادەو کۆڵان‌و بەر ماڵ‌و دوکان‌و فەرمانگەکانیان دەگرت‌و دەس درێژییان دەکردە سەر ژیان‌و ماڵ‌و ناموسی خەڵك...

ئەوانەی تەنانەت ژمەهەوای هەناسە هەڵکێشانیشیان حساب دەکرد...

ئەوانەی بەدوای خەڵکەوە بوون تەنانەت لەئەوروپاو ئەمریکاو ئوسترالیاو شوێنانی دیکەش.

ئەوانەی ئیش‌و کاریان راپۆرت نووسین‌و خۆپیشاندان رێکخستن بو بۆ لایەنگری کردن لەسەرۆکی فەرماندە!!

ئەوانەی بۆیان دەنوسی‌و شیعرو چیرۆکیان بەبالاَیدا هەلَدەگوتو پەیکەرو وێنەیان بۆ دەکرد. .

هەموو ئەمانە لەو پەنجاو پێنج کەسە نین...!!

دەیان هەزار کەس لەشەڕە بێ هودەو بێ پاساوو بێ ماناکانی رژێمدا لەئێرانو لەکوێت لەکوردستان کوژرانو تیاچوون...

ئەوانەی ئەمەیان دەکرد لەو پەنجاو پێنج کەسەنەبوون. . !!

خەلَکی ئەم ولاَتە ئەگەر سەری خۆشیان هەلَبگرتایەو روویان بکردایەتە هەندەران تا ژیانێکی ئاسوودەو بێ ترسو دلَەراوکێ بەسەر بەرن... لەوێش بەدوایانەوە دەبوونو هەولَی کوشتنیان دەدانو زۆریشیان لێ کوشتن...

ئەوانەی ئەمایان دەکرد لەو پەنجاو پێنج کەسەنەبوون...!!

کەواتە وەك ئەمریکا دەفەرمێ بیستو پێنج ملێون عیراقی بەکوردو عەرەبو تورکمانو ئەرمنو ئاسوریو کلدانەوە ئەسیری دەستی پەنجاو پێنج کەس بوون ئەمەش مانای وایە هەریەکێ لەم پەنجاو پێنج کەسە (٤٥٤٥٤٥) کەسی بەر دەکەوت تا بەهەوەسی خۆی گەمە بەلەشو گیانیان بکاتو لەناویان بەرێو هێشتا هەر (٢٥) کەسیش زیادەو دەمایەوە.

ئەم گەشتە تاوانو کوشتنو شەڕو وێرانیە هەمووی پەنجاو پێنج کەس دەیکرد... توخوا ئەمە قسەیە... کەس هەیە بەم شەرعە بلَێ ئامین...!!

کەواتە ئەگەر بەدەس من بێ ئەمانە لەبری سزادان هەریەکەو مەدالیایێکی ئازایەتی دەکەم بەسنگیانەوەو جانتایێك دۆلاریشیان دەدەمێو دوای ئەوەی سەرو پەیکەریان بۆ دروست دەکەم، دەست دەگرم بەسنگەوەو دەلَێم فەرموون قوربان بۆ کوێ حەزتان لێیە ئۆغر بکەنو باقی تەمەنتان بێ سەرئێشەو ماندووبوون بەسەر بەرن چونکە ئێوەیێك بتوانن بیستو پێنج ملێون کەس ئاوا لەزەواق بنێن حەیفە سزا بدرێن... بەلَکو هەقە بەئازایەتی‌و پالَەوانیتانا هەلَبدرێ...!!

من دلَنیام ئەمریکا بەشێوەیێكو جۆرێ لەجۆرەکان هەر ئەوە دەکا... چونکە ئەمانە هەموویان ( (مخلوقات) ) ی ئەمریکانو نەخشەو پیلانی ئەویان جێبەجێ کردووە.

ئەمریکا لەدوای جەنگی یەکەمەوە (پێش ئەویش) نەخشەی دەکێشا بۆ ئەوەی بێتە ئەم ناوچەیەو بۆ لەناوبردنی سۆڤیەتیش (پاش ١٩١٧).

ئیسلامی سیاسی‌و پیاوی وەك سەددامی دروست کرد بۆ ئەم مەبەستە ئێستاش ئەو هاوڕێو هاوبیرە ئازیزانەی ئەمریکا نەخشەکەیان بۆ جێبەجێکرد زۆر بەچاکی بۆیە هەقی خۆیانە پاداشیان هەبێ...

دلَنیام ماوەیێکی دیکە بن لادنو مەلا محەمەد عومەری تالَیبانو سەدام حوسێنو هاوبیچمەکانیان بەیەکەوە دادەنیشنو پێکی پڕ لەخوێنی ولاَتو نەتەوەکانیان هەلَدەدەنو ئەمریکاش سەروەتو سامانی ولاَتەکانیان دەباو دەیکا بەگەرووی کۆمپانیاو میللەتەکەیداو ئابوری خۆی دەبوژێنێتەوە... بێ ئەوەی بۆ یەك ساتیش لەلێدانی تەپلَی ( (ئازادی) ) و دیموکراسیش ماندو ببێ...!!

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.